کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
25-7-2007 15:30:54بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**سڵاوت لێبێت مەکتەبی ڕێکخستنی (ی. ن. ک) ڕاگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی کۆمەڵی ئیسلامی بەڕیوەی دەبات !!هێمن سەعید خۆشناو**

ئەو ڕۆژەی لەگەڵ برادەریکی یەکێتیم ویەکێکی تر دانیشتبووین، باس لەو بارودۆخە دەکرا بە تایبەت کە هەردوو برادەرەکەم پزیشکن بۆیە باس هاتە سەر تەندروستی، لە ناو قسەکاندا برادەرەکەی ترم بە برادەرە یەکێتیەکەی گووت:ئەرێ بەڕاست ئێوە هیچ کادیرتان نیە کۆمەڵی ئیسلامی ڕاگەیاندنتان بۆ بەڕێوە دەبات؟ئەویش هەروەك بڵێی ئاگای لە تەواوی مەسەلەکەوە بێت، ئاهێکی هەڵکێشاو گووتی:ئەخەر کاکە ئەمە دەرەنجامی تەکەتول ودانانی کەسی خراپە بە بەرپرس لەناوحیزبدا، منیش کە بەسەر سوڕمانەوە سەیرم دەکردن خۆم بە ڕانەگیراو گوتم:ئەوە بەڕاستتانە یان هەر بە گاڵتە ئەو قسانە دەکەن، برادەرە یەکیەتیەکەم گوتی:بەڵێ زۆر ڕاستیشە، منیش گوتم:ئێ باشە بۆ؟... مەبەستتان لەمە چیە؟ئەو گوتی:کاکە مەسەلەکە لەوە قوڵترە تۆ بە ئاسانی تێبیگەیت، من وتم وەڵڵا هەر دەبێت بزانم ئەگەر بە کورتیش بێت بۆم باس بکە، ئەو وتی کاکە گیان ئێستاکە دوو کەس هەن لە ڕاگەیاندن بە ناوی (ع) و (ق)، لەوەتەی ئەوان هاتونەتە ناو وەزارەت، کردویانە بە بارەگای مەلا و کۆبوونەوەوی تێدا ئەنجام دەدەن و بە ئارەزووی خۆیان هەڵسوکەوت دەکەن هەروەك بڵێی بارەگایەکی ئیسلامی بێَت !وتم:جا ئەمە چۆن ڕوویدا، ئەی وەزیر چۆن بەمە ڕازی دەبێت؟بە پێکەنینێکی گاڵتەجاڕیەوە وتی:جا گەورەترین پاڵپشتی ئەمانە وەزیر خۆیەتی!ئەوانە ئەوەندە قسەزان وماستاو چین توانیویانە کۆنترۆڵی عەقلی وەزیری ساواو کەم ئەزمون بکەن وببنە جێگای باوەڕو متمانەی ئەو، وتم:ئەی ئەمە چۆن ڕوویدا؟وتی:بەر لە وانە کەسێك هەبوو بە ناوی (ن، ع) بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن بوو، ئەو کاتە ئەوانە دوو کارمەندی ئاسایی بوون لە ڕاگەیاندن، ئەونە هەرسێکیان لە گەندەڵیەك بەشداربوون، ئەویش دزینی بڕە پارەیەك بوو کە لە پڕۆژەیەك مابۆوە، بەڵام چونکە ئەم دوو کەسە مەبەستێکی تایبەتیان هەبوو چاویان لە شوێنی (ن، ع) بوو، بۆیە لە پشتەوە چووبوونە لای وەزیرو بەشە پارە دزراوەکەی خۆیان گەڕاندبۆوە، وەزیریش سوپاسی دەستپاکی ئەوانی کردو بوونە جێگای متمانەی ئە و (ن، ع) دەرکرا!وتم:باشە ئەوە قەیناکە وەزیر کەم ئەزموون وساویلکەیە، ئەی ڕێکخستنەکانتان چۆن لێدەگەڕێن؟من ئەوەی بیستیتم گوایە کۆمیتەی تەندروستی وەزارەت بەڕیوەدەبات، دیسان پێکەنینێکی گاڵتەجاری گرت کە لە جاری یەکەم سەیرتر بوو، وتی:بۆ تۆ نازانیت کێ کۆمیتە دەبا بەڕیوە؟د. د ود. ك کەوا دوو گەندەڵترینی ناو پزیشکەکانی ئێمەن، ئەوانە ڕۆژێك لە ڕۆژان کە لە هەولێر بوونە لە گوڵ ناسکتریان پێنەگوتراوە، کەچی ئەمڕۆ هاتونە بە هەمان نەفەسی شەڕی ناوەخۆ مامەڵە لەگەڵ ئەندامانی پارتی دەکەن، وەنەبێت لەمەش مەبەستیان دڵسۆزی بێت بۆ یەکێتی، بەڵکو مەبەستیان دروستکردنی کەشوهەوایەکی فەوزاویە، تاکو لە ژێرەوە بتوانن بە ئارەزووی خۆیان گەندەڵی لەناو وەزارەت بکەن، وتم:ئەی کەس لەوانە باشتر نین لە ناو حیزب کارەکان بەڕێوەببەن؟وتی:جا خۆت نازانی ئەمڕۆ حیزب کێی گەرەکە!وتم:کەواتە موستەحەقتان بێت، بەڵام چۆن ئەو دوو دکتۆرەی کە تۆ باسیان دەکەیت لێدەگەڕێن ڕاگەیاندنی وەزارەتەکەتان هەروەك دەڵین تەسلیم بە دوو ئەندامی ئیسلامی بکەن؟هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا هەروەك بڵێی خۆی بۆ قسەیەکی زۆر ئامادەبکات وگوتی:پێویستە مەسەلەکە لە سەرەتاوە باس بکەم، تا تۆش چیتر ئاوا چاو ئەبڵەق نەبیت وبەسەر سوڕمانەوە پرسیار نەکەیت، کاکە گیان ئەو دوو کەسەی کە لە سەرەتاوە باسم کرن (ع) و (ق) چیرۆکەکەیان دوورو دریژە، ئەوانە دوو ئەندامی ڕێکخستنی کۆمەڵن، هەروەك دیارە دوای ڕووخانی ڕژیم هەر حیزبەو هەوڵی دا چەند ڕێکخراوێك بۆخۆی دروست بکات لە ترسی ئەوەی شوێنێك بۆ حیزب نەمێنێتەوە و ڕیکخراوە مەدەنیەکان شوێنیان بگرنەوە، کۆمەڵیش وەك هەر حیزبێکی تر بیری لەو پرسە کردەوە، ئەوەبوو ڕێکخراوی ژیانیان دامەزراند، کە دوو کەسی سەرەکی لەوێ (ع) و (ق) بوون!ئەوانە

یەکاتی ناوەندی ئەوروپا

هەروەك ڕێكخراوەكانیتر دەیانویست خۆیان بە بێلایەن پیشان بدەن بە لام نەدەكرا تا سەر ئەمە بشارنەوە، لە بلاوكراوەكانیان بە ڕوونی هەستی ئینتیمای ئیسلامی ئەوان دیارە بە تایبەتی (ژینی نوی) و لە ژمارە یەكەمەكانی، دوایی بۆ شاردنەوەی خۆیان هەوڵیاندا چەند پزیشكێك بخەنە ناو ڕێكخراوەكە كە هەر هەموویان ئینتیمای ئیسلامیان هەبوو لە وانەش (د. ع، د. ی، د. ع) كەوا ئەمانە ڕازی نەبوون بچنە ناو ڕێكخراوەكە بەلام (د. ڕ ود. ش) چوونە ڕێكخراوەكە، مەسەلەكە لەوەش زیاتر هەوڵیاندا ڕێكخراوەكە وەك ڕێكخراوێكی یەكێتی بناسرێ تا زیاتر بتوانن كارەكانیان بكەن، ئەوەبوو عەدنیان موفتیان كرد بە سەوركی فەخری ڕێكخراو، لە كاتانەش بوو وەزارەتی تەندروستی دەدرا بە یەكێتی، ئەمانە زۆر زیرەكانە توانیویانە ئەم هەموو هەنگاوە بهاوێژن و وەزیری ساویلكە ببورە وەزیری تەندروستی هەڵبخەلەتێنن، لەو ژێیە هەستیارەی وەزیریان دا كە دەڵێت من كەركوكیم!ئەوەبوو یەكەم پڕۆژەی ڕێكخراوەكەیان لەسەر كەركوك ئەنجامدا، وەزیر بەمە زۆرخۆشحاڵ بوو ئەوانی هێنایە ناوڕاگەیاندنی وەزارەت، (د. د ود. ك) كە هەر خەریكی تەكەتولكاری بوون لەگەڵ كەسانیتری وەك (ن، ع ود. ش) نەیاندەویست ئەمانە بەرامبەریان بوەستن وزیان لە بەرژەوەندیەكانیان بدەن، بۆیە لە حاڵەتە كەسێكی لاواز با ئیسلامیش بێت لە كەسێكی بەهێز با یەكێتیش بێت باشترە!!!

بۆ شاردنەوەی ئەم ڕاستیەش دوو فۆرمی حیزبیان پێ پڕكردنەوە، كە ئەمانە باكیان بەمجۆرە فۆرمانە نیە چونكە هەردووكیان پێشتر فۆرمی پارتیشیان پڕكردبۆوەهەروەك دەڵێن (الغایە تبرر الوسیلە) !ئیتر ئەمانە هەم لەلایەن وەزیری ساویلكە وهەم لە لایەن ئەم دوو دكتۆرە بەرپرسە!پەسندن، جگە لەمەش كادیرێكی دڵسۆزی یەكێتی نین بە گەندەڵی ڕازی نەبن وبڵێن نا ئەمە بۆ سومعەی یەكێتی باش نیە، بەڵكو بونەتە سەر قەڵمی د. د ود. ك وەلامی ئەو نووسینانە دەدەنەوە كەلەسەر گەندەڵیەكانی وەزارتە دەنوسرێت، ئیتر چیتر چاوت بە ئەبڵەق نەبێت خەریكە پێم بڵێی ئەی مەڵبەند ئاگای لەم هەموو بەزمو ڕەزمە نیە، من پێت دەڵێم ڕەنگە مەڵبەند وسەرووی ئەویش ئاگایان لێبێت بەلام ئەمرۆ گەندەڵی بە كەسێكی بچووك ناكرێت گەر كەسی گەورەی لە دواوە نەبێت!!!منیش لەو كاتەی كە بیرم لەوە دەكردەوە حیزبێكی ئیسلامی چ مەبەستێكی لەپاڵ ئەمە هەبێت؟تەنها ئەوەم پێ بوو بڵێم سلاوت لێبێت (مەكتەبی ڕێكخستنی ی. ن. ك) !!!